# پێغەمبەری خودام بینی -صلی الله علیه وسلم- بە سێ پەنجە خواردنی دەخوارد، وئەگەر خواردنی تەواو بکردایە پەنجەکانی دەلێسایەوە

لە کەعبی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودام بینی -صلی الله علیه وسلم- بە سێ پەنجە خواردنی دەخوارد، وئەگەر خواردنی تەواو بکردایە پەنجەکانی دەلێسایەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە سێ پەنجە خواردنی دەخوارد، ئەوانیش بریتی بوو لە: پەنجەی ناوەڕاست وشایەتمان وپەنجە گەورەکە (قامکە گەورەکە)، وئەمیش ئاماژەیە بۆ پەلەنەکردن وکەم خواردن چونکە کەسێک ئەگەر زۆر حەزی لە خواردن بێت زۆرجار بە هەموو پەنجەکانی دەستی خواردن دەخوات، وئەگەر خواردنی تەواو بکردایە پەنجەکانی دەلێسایەوە ومەرج نییە لە پێش ئەوانی تردا بێت بەڵام لێرەدا کەعب ئەمە دەگێڕێـتەوە لەوەیە پێغەمبەری بینی بێت -صلی الله علیه وسلم- ئەنجامیداوە لە دوور لە پێش چاوی هاوەڵانی، وسونەتە مرۆڤ بە سێ پەنجە خواردن بخوات مەگەر خواردنێک بێت نەتوانرێت بە سێ پەنجە بخورێت ئەوا لێرەدا بەهەر شێوەیەک بتوانێت بیخوات ئاساییە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee